# کەمال گەیت لە "وڵاتی چەتەکان"دا.

خەتاب سابیر – ئوستراليا
16-01-2006
khatabs@hotmail.com

کوردستان وڵاتی چەتەکان، یان وڵاتی رێگرەکان ئەمە وتارێکی سیاسیی جەستین رایمۆندۆ ( Justin Raimondo )[1] نووسەری چالاکی ئەنتی شەڕە لە وێب سایتی ( www.antiwar.com ) ، لەمەڕ دۆزی دکتۆر کەمال سەیید قادر نووسیویەتی. وتارەکە بەزمانی ئینگلیزییە، سەرەڕای هەندێ زانیاریی ورد لەسەر دۆزی کورد بەگشتیی ، کەوتووەتە هەندێ هەڵەی گەورەشەوە . وێرای چاکیی و خراپیی وتارەکە و بەهەر ئەگەرێکەوە لە راستییدا رامانێکی قووڵ هەڵدەگرێ.

دۆزی د.کەمال سەیید قادر تا دێت رەهەندێکی قووڵتر و مەودایەکی نێودەوڵەتیی فراوانتر لەخۆ دەگرێت. ئەم شەپۆلە پرۆتێست و ریسواکردنە کی لێی بەرپرسیارە و کێ زیانمەندە ، کێیش لێی بەهرەمەندە؟ ، ئەوە باسێکی بەربڵاوە و شرۆڤەکردنی پێوەندیی بەم باسەوە نییە ، تەنها بە کورتیی بەرسەرنجی دەدات . بەڵام ئەم نووسینە پێی وایە لە سەرجەمی هاوکێشەکاندا و لەکۆتایی نیشتنەوەی ئەم لافاوی بێزارییە لەدەسەڵات و دادگا و یاسا و لە ئەو کولتوورە بەعسییانەیەی کە 30 ساڵ زیندانیی دژ بە نووسەرێک کردە پەیامی چاوترساندنی کەسانی تر، تەنها و تەنها پارتیی دیموکراتی کوردستان و سەردارانی سەرەکیی ئەم پارتە بەرپرسیارن و

---

[1] - www.antiwar.com/justin/?articleid=8361

هاوکات زیانبار دەبن و بەپێچەوانەوە لە درێژ ماوەدا گەلی کورد لەو کولتووره نامرۆڤانەیە ، لەو کولتووره خێڵەکیی و مامەڵە نایاساییە تاسەر ئێسقانە، دژ بە بنەماکانی دیموکراسیی و مافی مرۆڤ خۆی دەتەکێنی .

جەستین رایمۆندۆ ، وەک نووسەرێکی دژی شەڕو دژی هەژموونی ( Hegemony = هیجەمەنی ) ئەمێریکا ، پەنا بۆ هەستیارترین ژێ دەبات بۆ لێدانی سیاسەتەکانی ئەمێریکا لە عێراق و کوردستاندا . وتارەکەی ئەو بەسەلیقەیەکی زۆرەوە دەست بۆ تاک تاکی هەواڵ و رێپۆرتاژەکان دەبات. بۆ خوێنەری رۆژئاوایی بەگشتیی و بەتایبەتییش لەرووی ئاکادیمیک بوونەوە ئەم جۆره نووسینانە زۆرترین بڕوای خەڵک رادەکێشن .

رایمۆندۆ زۆر بەشێنەیی و لەرووی سیاسیی و یاساییەوە دەیسەلمێنی ، کە کوردستان شوێنێکە یاسا و مافی مرۆڤی تێدا نییە و چەتەستانێکی سامناکە و مرۆڤێک لەسەر رەخنەگرتن و دەستدرێژییکردن بۆ سەر سەرۆک " تەنها بە وشە " بۆ سیی ساڵ دەخزێنرێتە ژوورەوە. دەیسەلمێنێ ئەوەی لەکوردستاندا هەیە یاسا نییە جگە لە یاسای میلیشیا نەبێ . لێرەدا رایمۆندۆ تووڕەیی گەیشتووەتە ئاستێک کە دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکات و وەک هەموو ئەو تورکمانە شۆڤینیست و عەرەبە ناسیۆنالیستانەی کە دژایەتی مافە رەواکانی گەلی کورد دەکەن ، بیر دەکاتەوە .

ئەو دەنووسێت "کوردەکان لەشاری کەرکوکدا پاکتاوی رەگەزیی دەکەن ". ئەم ئامارژە سامناکە لە دووتوێی وتارێکی سیاسییدا پێچراوەتەوە و بۆ داکۆکییکردن لەد.کەمال سەیید قادر نووسراوە . ئەمەش بۆ خوێنەرێک کە ئاگای لەهەلومەرجی کەرکوک نییە ، زۆر بەئاسانیی بەگوێیدا دەچێ. کەواتە کاتێک پەیامی زیندانییکردنی دکتۆرێکی زانکۆ بەپەرۆشییەوە رادەگەیەنێت و ئالوودەی دەکات

لەگەڵ درۆیەکی لەو چەشنەی کە کوردەکان پاکتاوی رەگەزیی دەکەن دژ بەنەتەوەکانی تر لەکەرکوکدا... کەس بەرپرسیار نییە لەم درۆ گەورەیەی بەرامبەر بەکورد دەکرێ ، جگە لەو لۆژیکە دواکەوتووە خێڵەکییەی منجڕیی دەکات لەسەر گلدانەوەی د.کەمال لەزیندانەکانی پارتییدا.

پرسیار ئەوەیە ، ئایا کێ بەرپرسیارە لەم سکانداڵە سیاسیی و یاساییەی بەسەر پارتییدا هاتووە، کێ بەرپرسیارە لە بەڕێخستنی ئەو کەمپەینە بەربڵاوەی سەرتاسەری دنیا بۆ ئازادکردنی د.کەمال سەیید قادر و ریسواکردنی سیستەمی سیاسیی و دادگایی کوردستان ، کێ بەرپرسیارە لە نووسینی سەدان وتار بەزمانی کوردیی ، عەرەبیی، ئینگلیزیی و چەندین زمانی تر دژ بە سیاسەتی سەرکوتکردن و رفاندن و چەتەکانی یاسا لەکوردستاندا ، جگە لە پارتیی و ئەو ئاوەزە پاتریارکییەی پێی وایە تابووەکان و پیرۆزییە ئەفسانەکانی کوولتوری باوکسالاریی و سەرۆک خێڵەکان دەبێت لە سەروو هەموو شتێکەوە دابنرێن.

لەشوێنێکی تری نووسینەکەی رایمۆندۆدا کوردستان بەوڵاتێکی کلێپتۆکراسی ( Cleptocracy ) [2] ئەژمارد دەکرێ، ئاخر بەڕاستیی چ وشەیەکی جوانتر لە کلێپتۆکراسی دەتوانێ ئەو هەموو دزیی و چەتەیی و گەندەڵییە سیاسیی و ئیداریی و یاساییەی دوو لەتە هەرێمەکەی چەتەستان شرۆڤە بکات ؟ هەرێمێکی کلێپتۆکراسی مرۆڤێکی 30 ساڵ تێدا بەزیندان سپێردراوە بەڵام یەک دێڕ لە بڕیاری ئەو دادگاییە کولتوور بەعسییە دەستنەکەوێت جگە لەپشتڕاستکردنەوەی چەندین بارەی لەلایەن ئەو وەزیری مافی مرۆڤەی لەبری داکۆکییکردن لە قوربانیی ، پاکانە بۆ دەسەڵات دەکات . ئەم دۆکیومێنت دەستنەکەوتنە جگە لەتراژیدیای یاسا و

---

[2]-- کاراکتەری ئەو دەوڵەتانەی کە سەراپا نغرۆ بوونە لەگەندەڵیی و دزیی و راووڕووتدا..

تەنگژەی داد و سەرەڕۆیی دەسەڵات و گەندەڵییەکی گشتگیر زێتر ، چ لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگرێ.

ئایا بێدەنگیی بەشەکەی تری دەسەڵات ( ینک ) خۆی لەخۆیدا بەشدارییکردن نییە لە سیاسەتی رفاندن و بێسەروشوێنکردنی ئەو پێشێلکارییەی ئازادیی کە ئەمڕۆ پارتیی کاری پێدەکات ؟ لەکاتێکدا ساتلایتی (سەتەلایتی ) کوردستان و وتەبێژی سەرۆک وەزیرانی پارتیی و وەزیری مافی مرۆڤی پارتیی و چەندین نووسەری پارتیی بەئاشکرا و روو بەمیدیا قسەیان لەسەر دۆزی د.کەمال کردووە، کەچیی ینک و میدیاکانی و کادرە سۆشیال دیموکراتەکانی لە سووڕی متبووندان و هیچ گاڵەیەکیان نییە. هەروەها ئەم تراژیدیای بێدەنگییە لەمەڕ ئەم دۆزە سامناکەدا زۆربەی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی گرتووەتەوە، ئەگەرەکانیش تەنها کولتووری دووڕوویی و ترسنۆکیی و هەلپەرستیی و پێکەوەخواردن و بۆیەکترپۆشین نەبێ هیچ شتێکی تر نییە.

هاوکات رۆژنامەگەریی کوردیی سەربەخۆ جگە لەسەراب و درۆیەکی گەورەی باڵدار شتێکە بوونی راستەقینەی نییە . لە نزیک بەسێ مانگی رابردوودا هەموو رۆژنامە بەناو سەربەخۆکان نەیانوێرا کەموزۆر توخنی ئەم کەیسە بکەون . هەمووشیان زۆریان لەخۆیان دەکرد و بۆ شاردنەوەی ترسنۆکیی و هەلپەرستیی و چاولەدەستبوونی دەسەڵاتداران و خۆدزینەوە لەکێشەکە ، لێرەو لەوێ و لەژێر لێوەوە سووکایەتییان بە د.کەمال کردووە و بەبیانووی ئەوەی جنێوفرۆشە !؟ خۆیان لەکێشەکە دزیووەتەوە . لە ناوەڕۆکدا رۆژنامەگەریی کوردیی گەورەترین شەرمەزاریی بۆخۆی تۆمارکرد لە دۆزی کەمال گەیتدا . ئەوەی بەختیار کەریم باسی دەکات[3] لەمەڕ فەرشفرۆشیی زۆر راستە، ئاخر تا گەورە هێزی جیهان "ئەمێریکا " بەدەنگ نەهات ، رۆژنامەکانی کوردستان نوتقیان بەسترابوو، بەڵام هەر

---

3 - www.dengekan.com/doc/2006/1/baxtyarKarim14.pdf

که ئەمێریکا دەنگی هەڵبڕی ، ڕۆژنامەی هەواڵ نیو لاپەڕەی  بۆ دۆزی د.کەمال سەیید قادر تەرخانکرد[4] و لەمەودواش دەبێت  سەیری فڕکان فڕکانی تر بکەین.

لەشوێنێکی تردا  وروژاندنی ئەو پرسیارەی کە باجدەرانی  ( Taxpayers ) ئەمێریکا لە وتاری " کوردستان وڵاتی چەتەستان" دا ، تاکس ( باج) بەچیی دەدەن ؟ هەستیارییەکی زۆری هەیە بۆ ڕۆژئاوا ، ئایا  بەو جەنگەڵستانەی کە مرۆڤە ڕەخنەگرەکانی تێدا بیراز دەکرێن و سیی ساڵ لەزیندانادا تۆبەکارییان پێدەکرێ   ، لەکاتێکدا بانگەشەکەرانی شەڕ لەبەرەی جۆرج دەبلیو بووشدا دەیانگوت عێراق دیموکراتییزە دەکەین . بەڵام هەر ئەمانەی تا ئێستا پەڕیوەتە ناو ڕۆژنامەکانی جیهانییەوە بەسە بۆ ئەوەی ڕووی دزێوی دەسەلاتی کوردیی ئەوەندەی تر ناشیرین بکات و سیاسەتەکانی ئەمێریکاش قێزەونتر بکات ، کە بەدڵنیاییەوە هێشتا لەسەرەتایدایەو تا دێتیش گەرموگوڕتر دەبێت. بەڵێ هیچ شتێک دەنگدەری ڕۆژئاوایی تووڕە ناکات بەئەندازەی  ئەوەی کە دەنگدەر بزانێ  پارەی تاکسەکانیان لەسەرکوت و دژ بە مافی مرۆڤ  و کاری گەندەڵییدا خەرجدەکرێت .

لەم پنتکەوە ڕای شەقامی گشتیی ئەمێریکیی زۆر بەئاسانیی  دەجولێنرێ لەسەر ئەم جۆرە گەندەڵییانەو تەواوی ئەو پیشەسازییەی دەسەڵاتی سیاسیی کورد بەگشتیی و پارتیی بەتایبەتیی بۆ ئاهورامەزداسازیی و تەشوێکاریی لە بواری دیموکراسیی و مافی مرۆڤ لەکوردستاندا دەیکات کە جگە لە سەرابێکی ناو جەنگەڵستان و چەتەستانەکەی ڕایمۆندۆ زێتر بەهایەکی تری نییە. جێگەی خۆیەتی ئەم کارتە سیاسییە بە هەند وەربگیرێت و ناوەندەکانی بڕیاردان لە ئەورووپا

---

[4] - www.hewal.org/pages/he/164-12.pdf

بەگشتیی و بریتانیا بەتایبەتیی  و هەروەها ئەمێریکا و کانەدا و ئوسترالیا ، بەم دۆزە ئاشنا بکرێن.

 زۆر گرنگە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەم وڵاتانە لەو گەلەکۆمەکێیە و خێڵچیەتییەی کوردستان و تراژیدیای یاساو بەژێرپێوەکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بەوردیی ئاگاداربکرێنەوە. کاتێک گوشاری دیموکراتەکان بۆسەر کۆمارییەکان لەدۆسیەی عێراق توندتر دەبێتەوە ، دەکرێ دۆسیەی کەمال گەیت  بکرێ بە گوشارێکی گەورەتر بۆ سکاندالّی یاساو مافی مرۆڤ لەسەر کۆمارییەکان و جۆرج دەبلیو بووش ، ئەمەش راستەوخۆ لەلایەن کۆمارییەکانەوە  گوشاری توندتر بۆ دەسەڵاتدارانی پارتیی دەهێنێت.

دوای نزیک بەسێ مانگ لە کەمال گەیت ، هێشتا هەندی نووسەر و ئاکادیمستگەلێک کەخۆشبەختانە ژمارەیان لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات ،  دەمیان چەورکراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە یان پاساو بۆ بێدەنگییەکانی خۆیان و ترسنۆکییەکانی خۆیان دەهێننەوە هێرشی نارەواو ترسنۆکانە بۆ سەر زیندانییەک دەکەن !. بەدڵنییاییەوە کەسیش خۆزگەیان پێ ناخوازێ و ئێرەییان پی نابات کە لەو شوێنە جوانانەدا ئۆقرەیان گرتووە . د.کەمال بەجنێوفرۆش و ئەهریمەنێک دژ بە ئاساییشی نەتەوەیی!! کورد وێنا دەکەن  و باسی ئەوە دەهێننە پێشەوە کە د.کەمال بوونی ئیسرائیلییەکانی داتاشیوە لەکوردستاندا و بەقاقاوە تەڵفیسیی پێدەکەن . ئاخۆ بەڕاست ئەو ویژدانە سرە چییە وا لەم نووسەرو دکتۆرانە دەکات بەم خاکەسارییەوە پاکانە بۆ رفاندن و  دادگای حیزب و خێل بکەن ؟ جگە لە شاردنەوەی راستییەکان و چنینی ئەفسانە بۆ بنەماڵە سەردارەکانی دەسەڵاتی کوردیی و خۆلەپێشکردن نەبێت .

وشەی پەپیت ( Puppet )[5] لە کولتووری سیاسیی رۆژئاوادا ، باوترین وشەیە بۆ ئەو سیاسەتمەدارانە بەکار دەهێنرێ کە لەلایەن کەسانی ترەوە بۆ مەبەستی سیاسیی و ئەجێندای تایبەت بەکاردەهێنرێن. باشترین نموونە تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و جۆن هاوەردی سەرۆک وەزیرانی ئوسترالیایە ، هەردووکیان پەپیتی جۆرج دەبلیو بووشن و لەساڵی 2003 ەوە سەدان هەزار جار ئەم وشەیە لەمیدیا جۆراوجۆرەکانی دنیادا بەکارهێنراوە. لەراستییدا پەپیت ریکورپەوان بەمانای "تووتکەسەگ " دێت. ئایا ئەم وشەیە بەهەزار ئاو بشۆردرێتەوەو ئینجا بە سەرکردەیەکی کورد بگوترێ ، دەسەڵات ئەم جۆرە جنێوفرۆشانە پارچەپارچە ناکات؟. مەبەست ئەوە نییە ئەم کۆنترادیکتەی کوردستان و رۆژئاوا بەراوردبکرێن ، ئەوە ساڵانێکی زۆر زۆری دەوێت. لێرەدا مەبەست ئەو ئاکادیمست و دکتۆرانەیە لە رۆژئاوا دانیشتوون و پاکانە بۆ سەردارانی خێڵ دەکەن و بەئەندێشەی خۆیان د.کەمال ناشیرین دەکەن ، ئەگەر بەجنێوفرۆشی لەقەڵەم بدەن ! و بێدەنگییەکانی خۆیشیان لەپەناوە پەردەپۆش دەکەن .

لەتەتەڵەکردنی ئەم نووسینەدا و لەچەپەردانی هەموو ئەگەرو پێشهاتەکاندا ، دۆزی د.کەمال سەیید قادر و ئازادیی ئەو بە پاڕانەوەو کڕووزانەوە بۆ دەسەڵات بەدەست نایەت، ئێمە لەنێوان قوربانیی و جەللاددا وەستاوین ، هەر پاکانەیەک بۆ دەسەڵات بەهەر شێوەیەک بێت خۆدزینەوەیە لەو ستەمەی لەمافی مرۆڤ کراوە لەچەتەستاندا. ئازادیی د.کەمال سەیید قادر تەنها بە چڕکردنەوەی گوشارە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر پارتیی دەبێت ، کولتووری دەست ماچکردن و کەوتن بەسەرکەوشی سەرۆک خێڵ و بردنی کەللە شەکر و هیزە رۆنی خۆماڵیی و تەنەکە هەنگوین بۆ دیوەخانی سەرداران و گەڕان بەدوای پیاوماقووڵە ماستاوچییەکاندا بۆ تکاکردن بەسەرچووە .

---

[5] - فیگەری مرۆڤ و ئاژەڵە، بەو کەسانە دەگوترێت کە بەکۆنترۆل کار دەکەن و ئاوەزیان بەدەست کەسانی ترەوەیە. لەکوردییدا بەمانای تووتکەسەگ دێت .

هاوکات ئەم ناو زڕاندنەی پارتیی لەئاستی نێودەوڵەتییدا کەس لێی بەرپرسیار نییە جگە لەو ئاوەزە کەللە رەقانەی کەکولتووری سەدان ساڵ لەمەوبەر بەکاردەهێنن ، پارتیی دەبێت لەئەو راستییە رەهایە تێبگات ، نووسەرە کۆنە شیوعییەکان و پەلۆسەکان، کە ئێستا مۆلدراون لە دەزگاکانی راگەیاندنی (پدک) دا و دەمڕاستی پارتیین ، بەهەر هەموویان ناتوانن قەرەبووی زیانی ئەو وتارەی جەستین رایمۆندۆ بکەنەوە ، ئەگەر هەزار شاکاری پاڕانەوە بنووسن و هەزار درۆی شاخداری تریش بەدەم د.کەمالی دیل و دەستبەسەرەوە بکەن .

پارتیی ، درەنگ یان زوو دەگاتە ئەو ئاکامەی گلدانەوەی د.کەمال یەک رۆژ زێتر لە زینداندا ، باجیی سیاسیی و مۆڕاڵیی زێتر وزێتر دەدات و هەر ئێستا پارتیی و سەرکردە دەستڕۆیشتووەکانی ئەو حیزبە بەشێوەی میلیشییایەکی دابڕاو لە جیهانی هاوچەرخ ، لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا وێنا کراون و دەکرێن ، بەتایبەتیی لە بواری مافی مرۆڤ و دیموکراسییدا . ئەوانەیش بە کەمال گەیت و بەئەو پشتیوانییە گەورەو پانوپۆڕە سەرتاسەرییە قەڵسن بۆ ئازادیی د.کەمال بەڕێوەیەو درێژەی هەیە ، با ویژدانیان ئاسوودە بکەن ، د.کەمال نەک هەر بوو بە بەرزترین هێما بۆ ئازادیی لەکوردستاندا ، بگرە بوو بە سیمبوڵێکی جیهانیی و بوو بە ئایکۆنێکی ئازادیی لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا دژ بە کولتووری خێڵ و هۆزو بەرەبابەکانی کوردستان . بەڵێ ئازادیی بۆ د.کەمال سەیید قادر ، بۆ ئازاترین نووسەرو ئاکادیمستی کورد دەسەندرێ ، وەرناگیردرێ.